ناساندنی ئەم کتێبە دێتە خزمەتتان بەو هیوایەی خوێنەران بەشێوەیەکی فراوان کەڵك لە کتێبەکەو بەتایبەتیش بەشی ( بارزان و بارزانیان ) وەربگرن.




پانۆرامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد, نوسینی نوری کەریم, کوتایی پایزی٢٠١٦لە سێ بەرگدا لە چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی چاپ و بلاوکرایەوە و کەوتە بەر دیدی خوێنەران. بەرگی یەکەم ١٥٥،٨٩٥ هەزار وشەیە لە ٤٨٠ لا پەڕەدا, بەرگی دووەم ١٣٧،٣٣٤هەزار وشەیە لە ٤١٤ لا پەڕەدا و بەرگی سێیەمیش ٩٩،٧٧٦ هەزار و شەیە لە ٣٤٢ لا پەڕەدا، هەر سێ بەرگەکە بەسەریەکەوە ١٢٣٦لا پەڕەی ٥،٢٣×١٧سم. لە خۆگرتووە لەهەموو بوارەکانی مێژوو، جوگرافیا، ئاین وئاینزاکان، زمان و زارزمانەکان، شۆڕش و ڕا پەڕینەکانی کورد، شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، شۆڕشەکانی بارزان، میرو میرنشینەکانی ئەردەلان، بابان، سۆران، بۆتان ...کورد لە گێژەنگی ململانێی عوسمانی و صەفەوی( سوننەو شیعە )دا.. یەکەمین وشەی ئەم بەرهەمە ٢٠٠٣/٥/٢٠ و دووا وشەش ٢٠١٠/١٠/٢٠ لە ئەڵەمانیا دەسنووس کراوە، دواتر ٢٠١٢/٢٠١١ لە کوردستان تاپیکراو لە کۆتایی ٢٠١٣ ەوە لە نۆرەی چاپدا بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم. لەو کاتانەوە هەتا کۆتایی ٢٠١٦بەدەم چاوەڕوانیی چاپکردنییەوە چەندین وشە، دەستەواژە، ڕستە، پەرەگراف و لا پەڕەشی خراوەتە سەر یا لابراوە.

بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم

قۆناغە سەرەتاییەکان و مێژووی هەرە دێرینی مرۆڤ- مێژووی دێرین و نەژادی کورد، کۆچ و کۆچڕەوەکان بە سێ ئاڕاستەدا ، هۆز و هۆزگەلە دێرینەکانی کورد، نوێشکێك لە جوگرافیای کوردستان: سنوورەکانی کوردستان، چۆم و ڕووبار و گۆلەکان، زنجیرە چیاکان، چیرۆکەکانی تۆفان، کەشتیی نوح، گلگامش ،کوردو یەزدانپەرستیی - ئاینەکانی کورد: ئاینە سنکریستەکان، هێڵە درشتەکانی ئاینی ئیزدی - یێزدیی، زەردەشت و ئاینی زەردەشتیی ، حەوت شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان، دەوڵەتی ماد و تەمەنێکی کورت، کورد دوای هەرەسی دەوڵەتە تاقانەکەی لە مێژوودا، کوردو ئاینی ئیسلام، ماوەی فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی دەوڵەتی ئیسلام، دەوڵەتی ئومەوی، گەلانی موسوڵمان لە سەردەمی عەباسییەکاندا، خەلیفە مەئموون و گروپی موعتەزیلە بانگەشە دەکەن گوایە قورئان هەڵبەستراوە! ڕۆڵی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی عەبباسیدا، خەلیفەکانی دەوڵەتی عەبباسی. گەندەڵی و پلانگێڕان و تیرۆر لە کۆشکەکانی خەلیفەدا...

بەرگی یەکەم - بەشی دووەم

هێرشی تورکە سەلجووقەکان و جێگیربوونیان لە ١٠١٩ - ١١٩٦دا، دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی، دامەزراندنی دەوڵەتی صەفەوی، کورد لەسایەی دەوڵەتی عوسمانیداو پەیوەندییەکانی بە صەفەوییەکانەوە، دەوڵەتەکانی باڵکان لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، داگیرکردنی کوستانتین ، سوڵتان لە نێوان کەمالییەکان و هاو پە یمانانداُ، دامەزراندنی کۆماری تورکیای کەمالیی، تورکیا لە نێوان ڕابوردوو و ئێستادا ....

بەرگی یەکەم - بەشی سێیەم

ئێران لە کۆن و نوێدا، سەردەمی دەوڵەتی ماد هەتا دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران ، پێشەواکانی چوار ڕێبازەکەی موسوڵمانان،
ویلایەتی فەقیە، ونبوون و دەرکەوتنەوەی ئیمام مەهدی ،دەوڵەتەکانی ئێران ٦٧٠ – ١٩٧٩، جەنگەکانی خاچپەرستان و صەلاحەدینی ئەیوبی،
دەوڵەتی صەفەوی، میر نشینی ئەفغانەکان، کورد ڕاستەوخۆ لە نێوان ئێران و ئەڤغاندا، دەوڵەتەکانی زەند، قاجار، پەهلەوی، سەرهەڵدانی شۆڕش لە ڕووسیا : شۆڕشی مەنشفیك١٩٠٥، بەلشفیك١٩١٧بە سەرکردایەتی لینین، زەنگی مەترسی و هۆشیاربوونەوەی کوردی خۆرهەلات – شۆڕشەکەی سمکۆ، کەوتن و ڕیسوابوونی ڕەزا شا ی

ئێران، خزمایەتی کورد و گەلی میصر، کۆماری کوردستان ـ مەهاباد، یەکەمین کابینەی وەزیرانی کۆمار، بارزانی و هێزی بارزانیان لە کوماری کوردستاندا، شۆڕشی گەلانی ئێران ،دووا رۆژەکانی حەمە رەزا شای ئێران، تیرۆرکردنی مستەفا مووسا ـ باوکی خومەینی و مستەفا ـ کوڕی خومەینی، ئێران رۆژێك بەر لە گەڕانەوەی خومەینی لە پاریسەوە بۆ ئێران ....

بەرگی یەکەم ـ شی چوارەم

دەوڵەتەکان و میرنشینەکانی کورد، ڕێکخستنەوەی ماوەی فەرمانڕەوایی میرەکانی ئەردەڵان، سەجەرە و ئەڵقەکانی زنجیرەی میر و پاشاکانی بابان، مێژووی میرایەتیی بابان بنەچە و رەچەڵەك، میرو پاشاکانی بابان و ماوەی فەرمانڕەواییان، مەستورەی کوردستانی، زنجیرەی شۆڕشەکانی کورد، کورد لە بازنەی ململانێی نێوان ئێران، عوسمانی، ئەفغان و ـ رووسیای قەیسەریدا، کورد لەشکری عوسمانییەکان بەگورگا نخواردوو دە دات! میرێکی کورد ساڵێك فەرمانڕەوایی بەغدا دەکات!

بەرگی دووەم ـ بەشی پێنجەم

ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی کورد لە نێوان ١٩٠٨ ـ ١٩٤٧، شۆڕشی یەزدان شێر ١٨٥٣ – ١٨٥٦، یەکەمین شۆڕشی دەرسیم ١٨٧٧ – .١٨٧٨، نیشانە هەرە دیارەکانی شۆڕشەکەی نەهریی ١٨٨٠، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئاگری ـ ئارارات، دوەمین شۆڕشی دەرسیم ١٩٣٧، راپەڕینی بەدرخانەکان ١٨٤٣ـ ١٨٤٧ ، میری شکۆداری کورد عەبدالْخان .....

بەرگی دووەم ـ بەشی شەشەم

چەندین قەڵەمی نەناسراوی کورد: شارەزووریی، ئامێدیی، دەینووریی، ئامەدیی، مەلامەحموودی بایەزیدیی، ئیبنولئەسیر، ئیبن خەلەکان ،عێل بەگی شارەزووریی، عەلی تەرماخیی ...رستێك ئەستێرەی پرشنگداری کورد: شەرەفخانی بتلیسیی، شێخ مارفی نودێ، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مامە یارە، ئیسماعیل شاوەیس، نوسینەوەیەکی دیکەی داستانی قەڵای دمدم، گەلی باشکورد و کۆماری باشکورد بەرچاوترین نموونەی راگوێزانی کورد لە مێژوودا، ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەرمەن ....

بەگی دووەم ـ بەشی حەوتەم

شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان ١٩١٤ـ ١٩٣١ ،بنەماڵەی شێخانی سلێمانی ، شڵەقانی بار و دۆخی رامیاریی و ئابوری کوردستان، داگیرکردنی ئێران، کوردو شەڕەکەی شوعەیبە، پەیمانی سایکس بیکۆ و ویلایەتی موصڵ "باشووری کوردستان"، شێخ مەحموود لە نێوان هەڕەشە و دڵنەواییکردنی تورکدا، ڕێککەوتنەکەی بەغدا لە نێوان بەریتانیاـ ـ شای عێراق ـ شێخ مەحمووددا، یەکەمین کابینەی وەزیرانی حکومەتی مەلیك مەحموود، پەیوەندییەکانی نێوان شێخ و رووسیا و نامەو نامەکاریی، تەرازووی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا و عوسمانی لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ ـ ١٩١٧ ، داگیرکردنی ئەستەمبوول، روبەڕووبونەوەکەی دەربەندی بازیان، ئازادکردنی شێخ لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، دوەمین کابینەی حکومەتەکەی مەلیکی کوردستان، کۆتایی شۆڕشەکانی شێخ، کێشەی مووصڵ و چارەنووسی باشووری کوردستان، ئەفسەرانی بەریتانیا بە ئاشکرا و بەنهێنی لە کوردستان، بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردستان، داوە قرچۆکەکەی نێوان شێخ و بەرپرسانی بەریتانیا، کۆتایی شۆڕشەکانی شێخ و داخستنی فایلی کوردستانی باشوور، پڕوپاگەندە و بالۆرەی دامەزراندنی حکومەتی کورد، پەیماننامەکانی سیڤەر، لۆزان، سایکس بیکۆ، شێخ مەحموود لە نێوان سمکۆی شوکاك و حەمدی باباندا، ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ٦ ئەیلوول ١٩٣٠( شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی )، بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی دەشتەکانی حیجاز، وەهابییەکان ،کێشەکانی نێوان حسێن کوڕی عەلی و عەبدولعەزیز کوڕی سعوود، ڕۆڵی بەرچاوی ئێدوارد لۆرانس ئەفسەری دەسگای هەوالگریی بەریتانیا، کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و پەیمانە نێوخۆییەکان: پەیمانی ئاماسییە ١٥١٢ـ١٥٢٣ ، پەیماننامەی زەهاو ١٠٤٨/١٦٣٨/١٦٣٩ز. ، پەیماننامەی گوڵستان ، پەیمانی نێوان عوسمانی و کورد، پەیمانی ئەرزرۆمی یەکەم و دووەم، دامەزراندنی شانشینی عێراق ، پەیماننامەی مودروس .

بەرگی سێیەم ـ بەشی هەشتەم/ فایلی ١ـ٣

بارزان و بارزانیان، هێڵکاریی سەجەرەی رەچەڵەکی بارزانیان، شۆڕشەکانی بارزان، یەکەمین شۆڕشی بارزان ١٩٣١/١٢/١٩ ـ ١٩٣٢، دووەمین شۆڕش ١٩٣٢ ـ ١٩٤٣و شۆڕشی سێیەمیش لە ١٩٤٣/٧/٢٨ وە نەکوژایەوە هەتا ١٩٤٥ ... کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك)، پێشەوا قازی موحەممەد یەکەمین سەر کۆماری کورد,

باروودۆخی رامیاری ئێران،ئاهەنگی بەرزکردنەوەی ئالأی کوردستان،دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، شەڕو پێکدادانەکانی نێوان کۆمارو لەشکری ئێران، سەرەتای هەرەسی کۆماری کوردستان، هەرەسی کۆماری ئازەر – تەورێز،چوونی بارزانی مستەفا بۆ تاران، ئەفسەرانی لیژنەی ئازادی، پێشەوا لەبەردەم داددگادا، هێزی بارزانیان دوای هەرەسی کۆمار، تراژیدیای چوار ئەفسەرە شەهیدەکان، وە سیەتنامەی چوار ئەفسەرە شەهیدەکان .

بەرگی سێیەم ـ بەشی هەشتەم، فایلی ٢

بزاڤی کوردایەتی و شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤، بارزانی مستەفا شایەك بێ تاج ،وڵاتێك بێ سنور،دەوڵەتێك بێ ئالأ.لەنێوان ئیسرائیل و عارەبدا، لەنێوان مەسعود بارزانی و یاسر عەرەفاتدا،شەڕە بەنێوبانگەکانی شۆرششی ئەیلولی ١٩٦١،با لە نێزیکترەوە بارزانی بناسین،ئایا بارزانی سەرکردەیەکی خێڵەکیی بووە؟،ئایا سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بەکرێگیراو بوون؟ کێشەکانی نێوان سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕش ،دابەشبوونی پارتی و شۆڕش و دووبەرەکییەکەی ١٩٦٤، یەکەمین کۆسپ لەبەردەم سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوولدا،ئەنجامەکانی دووبەرەکی نێوان مەلایی و جەلالیی،ڕێککەوتنی ١١مارت ١٩٧٠ بۆ ؟ دەستپێکردنەوەی شەڕیش بۆ ؟،نامە یەکی صەدام حسەین بۆ بارزانی مستەفا.... چوار چالاکیی پێشمەرگانەی جیا بەجیای لایەنەکانی شۆڕش بۆ سزادانی چوار دوژمن و تاوانکاری گەورەو سەرسەخت و خوێڕێژی کورد لە سلێمانی ،زەعیم صدیق,نازم گزار، ملۆزم مولازم موحسین

بەرگی سێیەم ـ بەشی هەشتەم ، فایلی ٣

دووا قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول و نسکۆی بەهاری ١٩٧٥، پێداچونەوەیەکی هەڵوێستەکانی بارزانی مستەفا و سەرکردایەتیی شۆڕش ،هێڵە سوورەکانی بارزانی وشۆڕش، با لە نێزیکەوە بارزانی مستەفا بناسین , شیکارکردنی کارەکتەری بارزانی مستەفا لە ٢٠ خاڵی سەرەکیدا،نهێنییەکانی سەرکەوتن و مەزنیی بارزانی مستەفا کە دەیوت : ( هەزاران تەن عەدالەت ، نرخی تەنێك نەوتیان نییە. )

شاعیری هەرەمەزنی عەرەب، موحەممەد مەهدی جەواهیری وتوویەتی:

بارزان یا لغزا تعاصی حَلهُ       عِبرالقرونِ الغِبر فهو مُطلسمٌ

واتا: بارزان ئەی ئەو مەتەڵەی هەر لە سەردەمانی رابردوووەوە شیکردنەوە و تێگەیشتنی نهێنییەکانت سەختن چونکە مەتەڵێکی ئەفسوونبەندیت.

نووسەری مەزنی تورك، ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت:(لە ساڵانی حەفتاکانداچەندین کوردم بینیی،یەکێکیان لە باسی ئایندا وتی:( ئاینم کوردستانە و پەیامبەریشم بارزانییە. )

بەرگی سێیەم ـ بەشی نۆیەم

هەندێك وشەو دەستەواژە جێگەی سەرنج و تێڕامانن,زمانی کوردی و زمانە هندۆ ئەوروپاییەکان و زارزمانەکانی کورد، بەراوردکردنی کولتوری کورد و فارس و تورکدا ...، کۆمەڵێك لەوانەی لەسەر کورد نووسیویانە، هەندێك نیشانە و هەڵوێستی سادە پێوەری هۆشیاریی نەتەوەیین،بەختی رامیاریی .

ئەمانە وەك بابەتی سەرەکیی بوارەکانی مێژوو،جوگرافیا، نەژاد و رەچەڵەکی کورد، کورد لە سەدەکانی پێش عیسادا، لە سەردەمی مادـ میدیا، ئاشوور، کلدان، سومەر،سەرهەڵدانی شیعەگەرێتیو ململانێکانی لەگەڵ رێبازی سوننەگەرێتیدا، جەنگەکانی عوسمانیی ـ صەفەوی، عوسمانیی ـ رووسیا،کێشەی خەلافەت،تیرۆرکردنی خەلیفەکانی پەیامبەر،دامەزراندنی ئێرانی نوێ،دواڕۆژەکانی سوڵتان، بزوتنەوەی یاساخوازان لە تورکیاو ئێران ( مەشروتە )، بزوتنەوەی ئەفسەرەکانی کۆمەڵەی یەکێتیو پێشکەوتن لە تورکیا،بزوتنەوەی کەمالیزم، دامەزراندنی کۆماری تورکیا، ئێرانی حەمە رەزاشا دوای رەزاشای باوکی،

نووسەری کتێبەکە دەڵێت : نووسینەوەی مێژوو ئەگەر تەنها گێڕانەوەی رووداوەکان بێت،بێ تاووتوێکردنو تەتەڵە و سەربێژنگ و بنبێژنگ گرتن، ئەوە دەبێتە چیرۆكو چیرۆکی گوێ ئاگردان و هەر بۆ خوێندنەوە دەشێت نەك تێگەیشتنو بەستنەوەی هەموو لایەنەکان پێکەوەو ناسینی خۆمانوەك نەتەوە،شارەزابوون لە دراوسێکان و دەوروبەرو دیاریکردنی دۆستو دوژمن، پەندو ئامۆژگاریی وەرگرتن لە رابوردوو،دووبارەو صەد بارە نەکردنەوەی هەڵەکانی رابوردوو,گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی درووست و هەنگاونان بە ئاڕاستەی دەربازبوون لە بازنەی بەرژەوەندیی تەسکی

حیزبایەتی ,تایەفەگەریی،ناوچەگەریی، خۆخۆریی و یەکتر قبوڵنەکردن.....

مێژوونوسانی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان بە جۆرێك مێشکی نەوەکانیان بە بیروباوەڕی شۆڤێنستانە ئاوداوە، کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن خاك ونیشتیمان ،زمان، مێژوو، کولتوور ناخوێندنەوەو هەریەکەشیان بەشێکی کوردستان بە حەڵاڵی خۆی دەزانێت و پێشەکیش بڕیاریانداوە تۆمارکردنی رووداوە مێژووییەکان و ئەنجامەکانیشی بە چ ئاڕاستەیەکدا بڕوات کە تەنها بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا بێت. نووسەرو مێژوونووسی بێلایەن و بەویژدانیشیان تێدا هەڵکەوتووە لایەنی راستیی بەرنەداوە، لە نیو تورکدا وەك: ئیسماعیل بیشکچی، ئەولیاچەلەبی، شەمسەدین سامی، مەحموود کەشغریی نووسەری ( دیوان لغات ترك ).حەیدەر چەلەبی ١٥١٤ـ ١٥١٨ز.بەکوردستاندا گەراوە، ناصیح مەترەقچی ١٥٣٤ ـ ١٥٣٦ ز. هاتۆتە کوردستان . یالچین، بەهیجە بۆران، کەمال پیر، هاڵۆك گرگر.لە فارسەکانیش وەك: ئەسکەندەر مونشی، تەفرشیان، زربەخت . لەنێو عارەبدا نموونەی وەك ئیبن بەتتوتەی مەغریبی ١٣٠٤ــ ١٣٦٩ کە لە گەشتەکەیدا لە بەغداوە هاتۆتە کوردستان,نووسیویەتی دانیشتووانی شارەکانی مووصل، ماردین، شەنگاڵ کوردن . ئیمامی غەزالی ١٠٥٨ ـ ١١١١ ز. فەرموویەتی: رووناکبیریی ئیسلام لەسەر شانی چوار زانایە، سیانییان کوردن: شارەزووریی ، ئامێدیی ، دینەوەریی . ئەوە جگە لە (ئیبن خەلەکانی ئەربیلیی ) ،(ئەبو وەفای ئەیوبیی ١٢٧٣ـ ١٣٣١ ) و (ئیبنولحاجیب ) مەسعوودیی خاوەنی کتێبی( مروج ألدهب ) بنەچەی هۆزەکانی کوردی بەسەرکردۆتەوە.تەبەریی( ألطبری )خاوەنی کتێبی ( أخبار ألملوك ) وتوویەتی خەلیفە مەروان کوردە .ئەوە جگە لە نووسەرانی رووسیا وەك: باسیل نیکیتین، مینورسکی، خالفین،لازاریف، فیلچفسکی، ئەڤیر بانۆڤــ. کریس کۆچرا ـ فەرەنسا، مارتین ڤان برۆنسەن ـ هۆلەندا، گوینتەر دیشنەر ـ ئەلەمانیا، میجەر نۆئیل، جەیمس ریچ، ریتشارد بیستن ـ بەریتانیا، ئەمەی دوواییان جینۆسایدی هەڵەبجەی رووماڵکردو بە جیهانی ناساند .

گەلانی پێشکەوتوو لە پاڵ زمان و مێژووی خۆیاندا مێژووی گەلانیش دەخوێندنەوەو کەموزۆر زمانەکانیشیان فێردەبن بۆ تێگەیشتنی رابوردوویان و پەیوەندیو لە یەکتر تێگەیشتنی ئێستاو داهاتوو. کورد بە گشتیی زمانی دراوسێ داگیرکارەکانی دەزانێت، بەڵام شارەزای مێژوویان نییە، سەرباری شارەزانەبوونی لە مێژووەکەی خۆی.ئەی کورد بۆچی زمان، وێژە، مێژوو وجوگرافیای بێگانەکان دەخوێنێت و شارەزاییشی لێهەیە، کەچی لەکوردستان کوێرو نەشارەزاو نامۆیە ؟دراوسێکانی کورد زمانی کوردی نازانن، بەڵام مێژووەکەی شارەزان، چونکە زۆربەی هەرە زۆری هەرخۆیان نووسیویانە. ئەمە خاڵێکی سەرنج راکێشە :کوردبە گشتی زمانەکانی دراوسێ داگیرکارەکانی دەزانێت بەڵام شتێکی ئەوتۆ لە مێژوویان نازانێت، دراوسێ داگیرکارەکانیش مێژووی کورد شارەزان بەڵام زمانەکەی نازانن و نایانەوێتیش بیزانن!

کورد دوای هەرەسی دەوڵەتە تاقانە تەمەن کورتەکەی لە مێژوودا، دەوڵەتی ماد ـ میدیا( ٦٧٠ـ ٥٢٠ پز. ) رۆژگاری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی کورد بە یەکجارەکیی ئاوابوو،هەتا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیکەی بۆ نەڕەخسا... ستراتیژی زلهێزەکانی ناوچەکە ئەوەبوو، کورد وەکو مقاش، داشی دامە، کراس سوری بەر لەشکرو سوتەمەنیی جەنگ بەکاربهێنن و ئەقڵی رامیاریی و دیپلۆماتکاریی کوردیش لەساڵی١٩٩١بەدواوە پێدەنێتە یەکەم قۆناغی خەملاندن و هەنگاونانی سەرکەتوو، ستراتیژیەکەشی (ئەگەر بگونجێت بە ستراتیژی بژمێرین ) لە سەر بنەمای کەڵك لە ناکۆکی و بەیەکدادانی دوژمنەکانی وەربگرێت لە پێناو مانەوەدا. لەوەدا چاکیشی هێناوە بەبەراورد لەگەڵ شۆڕش و راپەڕین و میرنشینەکانداکە هەر هەموویان لە سفرەوە دەستیان پێکردو گەیشتنەوە سفریش. تۆ لەوە گەڕێ، بیری کوردایەتی لە قۆناغی سەرەتاییشدا وەك شانازیکردن بەخۆو باپیران و پاراستنی کولتوورەوە بەردەوام لە گەشەو پەرەسەندندا بووە، هەمیشەش ئەو هەستە سروشتییە کە دواتر چۆتە قاڵبی بیرێکی دیارو رێکخستنی رامیارییەوە، شۆڕشەکانیان هەڵگیرساندووە نەك بە پێچەوانەوە.

سەرکردەو رابەرەکانی کورد زۆربەیان لە بنەماڵە ئاینییەکان و خوێندەوار و شارەزابوون، لە مێژووی گەلانی دراوسێش زۆر بێئاگا نەبوون، زۆریشی لێوە فێربوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی بیخەنە قاڵبی پراکتێکەوە، بەڵکو ئەزموونە تاڵەکانی دووبەرەکی و خۆخۆری و خۆپەرستی وچاولەبەرژەوەندیی تایبەت و کەوتن و هەرەسەکانیان دووبارەو صەدبارە دەکردەوە. زۆربەمان هەرهەرەسی شۆڕشی ئەیلوولمان لەبەرچاوە، بەڵام لە راستیدا هەر هەموو شۆڕش و راپەڕین و حکوومەت و کۆمارو قەوارە سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆکانیش بەهەرەس کۆتاییانهات و تەنهاو تەنها راپەڕینە مێژووییەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان لە بارودۆخێکی نێودەوڵەتی گونجاودا سەرکەوت و خۆی لە بەرامبەر گشت هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا گرتووەو دەستکەوتیشی فرەیە.

زۆربەی هەرە زۆری رووناکبیرانی کورد و سەرکردەکانیش پاساو بۆ سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کورد دەدەنە پاڵ فاکتەرە جوگرافییەکە، گوایە بستێك خاکی کوردستان نەکەوتۆتە سەردەریا!!ئەی شۆڕش لەخۆرهەڵات، باکوور بۆ سەرنەکەوت یا لە بەشە گچکەکەی ناوەند شۆڕش بۆهەڵنەگیرسا، خۆ گەرووی هورمزو بەندەری ئەسکەندەروونە کوردستانن؟

کورد بە درێژایی مێژووە دێرینەکەی ناکۆك و دژو خۆخۆر بووە، هێزو تواناکانی بەسەر دووژمنەکانیدا دابەش بووە، هەرگیز دوو سەرکردە پێکەوە دانوویان پێکەوە ناکولێت، هەر بۆ نموونە هێزەکانی گۆڕەپانەکە ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥ بریتیبوو لە: پارتی دیمکراتی کوردستان ،کاژیك و پارتی کۆمۆنیستی عێراق . ١٩٧٦/ ١٩٧٧ ـ ١٩٩٤ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق، پارتی کۆمۆنیستی عێراق، پارتی سۆسیالیستی

کورد( پاسۆك )،کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ ئێران، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ عێراق، پارتی گەل، پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران،کۆمەڵەی مارکسیی لینینی کوردستانی خۆرهەڵات و پارتی کرێکارانی کوردستان ( پێکەکە ) لە باکوور، ئەمسەرو ئەوسەریشی تفەنگ و پیشمەرگە و شاخ و خەباتی نهێنیی ناوشار و شارۆچکەکان بوو، کاژیك و پاسۆك لە کانیاوی بیری کوردایەتی و پێکەکە لە سەر بنەماکانی مارکسیزم درووشمی رزگارکردنی کوردستانی گەورەیان بڵند کردبوو. پارتی و یەکێتی و سۆسیالست و دیموکراتی ئێران جگە لە کۆمەڵە لە بەرنامەو پەیڕەو و پرۆگرامدا یەك ئامانج بوون کەبریتیبوو لە( دیمۆکراتی بۆ عێراق / ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و مەگەر لە پێکهاتەی سەرکردایەتییەکانیاندا جیاواز بوون ...دوواتریش لەو هێزەسیاسییانەی هاتنە گۆڕەپانەکە، بەرچاوترینیان بزوتەوەی چاکسازی و گۆڕانە، کە وەك سەرەتا بە گوڕوتینێکەوە خۆی ناساندو لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، بەهاری ٢٠٠٩ توانی ٢٧ کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەست بهێنێت وەك رەنگدانەوەی ناڕەزایی جەماوەرو گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤدا . بەبۆچوونی من ئەو سەرکەوتنە کاتیە و پێوانەی راستەقینەی سەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەبێتە نیشانەی سەرکەوتن و جێگیر بوون لەنێوجەماوەردا. نووسەری کتێبەکە لە کۆتاییدا دەڵێت : **عیساییەکان شارە جوانەکەی ( کۆستانتین ) یان لەدەستچوو ,عەرەبیش ١٤٩٢ ز.شارە شیرینەکەی ( ئەندەلوس ) ی دۆڕاند ,ئایا کوردیش شاری ( کەرکووك ) ی پڕ لەنەوت دەدۆڕێنێت ؟**لە وتووێژەکانی بەهاری ١٩٩١ نێوان میریی عێراق وشاندێکی بەرەی کوردستانیدا لە بەغدا کە باس دێتەی سەرکەرکووك , عەلی حەسەن مەجید ( عەلی کیمیایی ) دەڵێت ئێمەش لە ئیسپانیا شاری ئەندەلوس ( غەرناتە )مان لە دەستچوو، مەگەر هەر هۆنراوە و گۆرانی بۆ بڵێین، ئێوەش هەر ئەوەتان بۆ دەمێنێتەوە!

**لە کۆتاییدا دەڵێم ، نووسەر بابەتگەلێکی مێژوویی و رامیاریی و مۆراڵی لە چەند وشەیەکدا چڕکردۆتەوە و دەڵێت :**

**پە نجا ساڵ پترە لە دنیای سیاسەتدا سەردەمی جوامێریی و بەها بەرزەکان**

**بەسەرچوون و جیهان بۆتە بازاڕی گەڕان بەدووی بەرژەوەندیدا و**

**مرۆڤیش بەتاك، کۆمەڵ، گەل,نەتەوە ,کاڵای بازرگانین**

نووسەری بەرهەمەکە مامۆستا نوری کەریم لە پێشدەستییی کتێبەکەشدا نووسیویەتی هیچ کارێك بێ کەموکووڕیی نابێت,لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕناکەم ئەم بەرهەمە کەموکوڕیی وهەڵەی واگەورەی تێدابێت ،لەو جۆرە هەڵانە بێت بە (کێردە)کەی مەلای مەشهور بیکرێنین. بەندە بە کۆڵێکی گرانەوە خۆم لە گێژەنگی دەریایەکی قووڵ هاویشت و کۆڵە پشتەکەم گەیاندە ئەوبەرو ئەو پەیامەی دەمویست گەیاندم، جاخوێنەری هێژاش سەرپشکەو خۆیی وشیری پاکی و ویژدانی زیندووی.